مێژووی چەپی کوردی یان ژیانی پاڵەوانێک و "دوو خاینەکە"؟



کەمال حەمەڕەش

لەمێژە مرۆڤ مێژوو دەنووسێت و دەنووسێتەوە بەڵام هەموو ئەو نووسینانە لە دوو مەدرەسەی بۆچوون و لە دوو ڕووانگەی جیاوازدا خۆیان دەبینەوە. یەکێکیان ئەو بۆچوونەیە کە سەردەمێک لە بەسەرهات و خۆشی و ناخۆشیی میللەتێک تەنیا بە ناوی چەند پاڵەوان یان چەند ئەکتەرێکی گەورەی سەردەمەکەوە تۆمار دەکات، ئەوی تریشیان بەگشتی تۆماری ڕەوتی بزووتنەوەی میللەتەکە دەکات بێ ئەوەی ڕۆڵی ئەکتەرە بەرزەکان فەرامۆش بکات. یەکێکیان دۆگماتیزم و داخراو، ئەوی تریان پلورالیزم و کراوە. بەڵام بەم بارياندا بێت یان ئەوی تریان، نووسین یان نووسینەوەی مێژوو کارێکی هەتا بڵێیت سەخت و گرانە. پێویستی بە هەناسەی درێژ و گەڕانی بێوچان و چاوپێکەوتن و دواندنی زۆرترین ژمارەی ئەکتەرە زیندووەکانی هەریەکێک لە ڕووداوەکان و خوێندنەوەی بەڵگەنامە و سەرچاوەی زۆر هەیە. هەروەها پێویستی بە دەستپاکی و سنگفراوانی، لە نووسینەوەی چەندلایەنەی هەر ڕووداوێکی مێژووەکە هەیە. چونکە ڕووداوێک کە چەند ساڵێکی بەسەردا تێدەپەڕێت جگە لەوەی کە لە بیرەوەری ئەکتەرەکانیدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەرکەسەشیان لە دید و ڕووانگەی خۆیەوە بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە. دوو سەرباز لە جەنگێکدا و لە هەمان پیاهەڵپژاندا بەرانبەر بە یەکتر بە دوو جۆری جیاواز هەمان ڕووداو دەگێڕنەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەگەر هەردووکیان ڕاستگۆیانە و دوور لە درۆهەڵبەستنی لایەنگری بیگێڕنەوە. واتا، کەمال مەزهەر وتەنی ئەتاتورک و کەمالیستەکانمان لا نەکات بە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووخواز و ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی کورد بە کۆنەپەرست و دەستکردی ئینگلیز.(١)

جگە لەوەش نووسەری مێژوو، ئامانجی لە نووسینەکەیدا تاوانبارکردن یاخود پیاهەڵدانی ئەکتەرەکان نییە، بەڵکوو تەنیا مەبەستی بنەڕەتی وێنەگرتنی چەند لایەنەی ڕووداوەکانە. واتا لە سۆز و کەفوکوڵ و ڕقەوە نایاننووسێتەوە. بە کورتی بەسەرهاتەکان وەکوو خۆی دەنووسێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وای بۆ دەچم کە کەس ناتوانێت بۆچوون و ڕووانگەی خۆی تێهەڵکێشی نووسینەکانی نەکات. بەڵام مێژوونووسی بە توانا و سنگفراوان ڕووانگەی خۆی، زۆر بە زەقی، بەسەر خوێنەردا ناسەپێنێت. چونکە دەزانێت کە ئەوە دەبێتە پڕۆپاگەندەیەکی بێپێزی لایەنێک دژی لایەنێکی تر و لە چوارچێوەی مێژوونووسین دەچێتە دەرەوە. بێگومان پێویست ناکات بە یادی بهێنمەوە کە ئەو جۆرە نووسینەی مێژوو کاری ئەو دیکتاتۆرانەیە کە توانای بیستنی بۆچوونێکی جیاوازی بیرکردنەوەی خۆیان نییە.!! ئەم جۆرە نووسینەوەی مێژوو لەگەڵ ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێتدا هەرەسی هێنا.

ئەمین زەکی بەگ دەربارەی نووسینی مێژوو دەڵێت: "وەظیفەی لاوانی ایمرو و سبەینی یە لەم خصوصەوە زور تکایان لی ئەکەم، کە وەکو بعض محررین کوردی دوینی و ایمرو ، لە تاریخ نوسیندا تابیعی حس و خیال نەبن، لە خویانەوە هیچ هەلنەبەستن و حادثاتی تاریخیە نەگورن ..." هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێت: "من قەت ادعای ئەوە ناکەم کە ئەم کتیبە، تاریخیکی تەواو و بی قصوری کوردە. بەلکو بە عکسی ئەمە ئەلیم قصوری زورە؛ لەگەل ئەمەدا کە نتیجەی تدقیقی دو صد و پنجا جلدیک اثاری انگلیزی و فرانسزی و المانی و تورکی و فارسیە، دیسانەوە نقصانە، و تەنیا اساسیکە بو لاوان و خویندەوارانی کورد ..."(٢) ڕووانگەی ئەمین زەکی لە ساڵانی بیستدا، لەسەر نووسینی مێژوو بەو جۆرە بووە. واتا جگە لەوەی کە لە خۆیەوە بە خەیاڵ شتی نەنووسیوە بەڵگەنامەی زۆر و جۆراوجۆریشی بۆ خوێندووەتەوە. کەچی ئێستا لاوانی کورد، حەفتا ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە، بە خوێندنەوەی چەند سەرچاوەیەک لێرە و لەوێ، بەبێ بەراوردکردنێکی وردیان لەگەڵ سەرچاوەی تر و بەتایبەتی بەبێ دیتنی ئەکتەرە زیندووەکانی بەسەرهاتەکان، مێژووی پڕ خەیاڵاوی دەنووسنەوە. دەتوانم بڵێم مێژووی هەڵبەستراوی خەیاڵاوی کاتێک وتارێکی لە شێوەی نووسینی «سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی (عیراق)»، لە نووسینی کاک ئەمجەد شاکەلی لە «پەیام»دا، دەبینم. هەڵبەستراو چونکە هەندێک شتی هەر لە خۆیەوە، بەبێ هیچ بەڵگەیەک، لە هیچەوە دروست کردوە. خەیاڵاوی لەبەر ئەوەی کە ئەم برادەرە هەر لە سەرەتاوە دۆگمێک لە مێشکیدا بووە و کە سەرچاوەکانی خوێندووەتەوە بە مەبەستی گەڕان بە دوای حەقیقەتدا نەبووە بەڵکوو زۆرجار و بگرە هەمیشەش حەقیقەتی کردووەتە قوربانیی سەلماندنی دۆگمەکەی خۆی. جگە لەمانەش کاک ئەمجەد هەموو بزووتنەوەی ڕاست و چەپی کوردی کردووەتە کێشەی سێ کەس: بارزانی، برایم ئەحمەد، تاڵەبانی ... وەکوو ئەوەی کە ئیتر هەموو ئەو مرۆڤانەی تر سەربازی شەترەنج بووبن لە بزووتنەوەکەدا.

لە دەستپێکدا کە ناونیشانی وتارەکەم بینی زۆر شاد بووم بەوەی کە کوردێک ڕووانگەیەکی نوێی مێژووەکەمانم پێ بناسێنێت. بەڵام ئەم برایە هەر لە سەرەتاوە ئەوەندە بە ئاشکرا لایەنگری و دۆگماتیزمی خۆی ئاشکرا دەکات، لە چەند جارەکردنەوەی چەند وشە و زاراوەدا؛ "تاقمەکەی ئیراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی"، "جەلال تاڵەبانی ـ شاگردە گوێرایەڵەکەی ئیبراهیم ئەحمەد ـ"، "بارزانی نەک هەر بە نیشانە و سیمبۆڵی خەباتی گەلی کورد دەژمێردرا، بەڵکە لە تەواوی عیراقیشدا وەک تێکۆشەرێک و یاخیبوویەک، دژ بە ڕژێمی کۆنی پاشایەتی، تەماشا دەکرا." کە نیمچەخوێندەوارێکی وەکوو من، ئە م ناو و ناتۆر و پیاهەڵدانە توندڕەوە بێ بناغانە دەبینێت ناچارە بە گومانەوە بەشەکانی تری نووسینەکەی کاک ئەمجەد بخوێنێتەوە. چونکە خوێنەری نوێی مێژوو بە دوای حەقیقەتدا دەگەڕێت ... بە دوای زمانێکی هێمن و دوور لە مەبەستی پارتایەتیدا دەگەڕێت ... عەوداڵی زمانێکە کە شتەکان بە ناوی واقیعی خۆیانەوە بنووسێتەوە. تەواو ئەوەی کە لە شێوەی نووسینەکەی کاک ئەمجەددا بەدی ناکرێت!

چونکە نەک تەنیا "خوێنەری نوێی مێژوو" بەڵکە گەمژەترین ئەندامەکانی گەلی کورد ـ کە یەکێکیان منم ـ ئەوەیان لا ئاشکرایە کە کاتێک دەوترا "جەلالی!" لە هەمان کاتیشدا دەوترا "مەلایی!" کە دەشوترا "پارتی" لەگەڵیدا دەوترا "مەکتەبی سیاسی" یاخود "پارتیی شۆڕشگێڕ". بەڵام نووسەر تەنیا ناتۆرەی یەکێکیانی لە بیر ماوە و ڕێکەوتیش وایە کە هەموو جارێک هەر ئەو لایەنەیان لە بیر دەکرد چەپن و پێشکەوتووخواز، بەڵام دیگۆڵیکی ئازادیخوازی دژ بە فاشیزمی هیتلەری ڕاستڕەو!؟

ئەگەر ئا لێرەدا کاک ئەمجەد ڕێگام بدات من زۆر بە خۆشییەوە لایەنی ڕاستڕەوەکە دەگرم !

برای نووسەر پاش ئەوەی لاپەڕەیەکی پڕکردووەتەوە لە زانیاری دەربارەی پەیوەندیی پارتی بە ئیسرائیلەوە لە ١٩٦٣ دا لە پاریس، بە هۆی وەفدێکەوە بە سەرکردایەتیی برایم ئەحمەد، واتا پێش دووبەرەکی. ئەوجا دەڵێت: "ڕەنگە بگوترێت کە بارزانی ئیبراهیم ئەحمەدی ناردووە و تووشی ئەو دیدارانەی کرداووە، من لەو بڕوایەدام ئەگەر ئیبراهیم ئەحمەد بۆ خۆی نەیویستبا، دەیتوانی نەڕوات و ئەو دیدارانە نەکات."(٥) چونکە نووسەر لە دید و بۆچوونێکی لایەنگرانەی دۆگماتیزمیانەوە کارەکەی کردووە هەموو پەیوەندییەکانی پارتی پاش براکوژی لە بیر کردووە. هەر بەو شێوەیەش نەک هەر پەیوەندییەکانی پارتی بە ساواک و بە شای ئێرانەوە لە بیر کردووە، بەڵکوو ساواکیش بە دوژمنی سەرسەختی بارزانی دادەنێت. بەڵام پێمان ناڵێت کێ سڵێمانی موعینی و هاوڕێکانی بۆ شای ئێران و ساواک کوشت؟

نامەوێت زۆر بڕۆمە ناو نووسینەکەی کاک ئەمجەدەوە، چونکە ئەنجامەکانی هێندە لەرزۆکن و حوکمەکانی هێندە سەرپێین کە دەستتێوەردانیان لە نووسینیان خراپتر دەبێت. خراپتر دەبێت، چونکە وەکوو خوێنەرێکی کورد، وەکوو کوردێک، ئەگەر پێم نەکرێت کارێک لە پێناوی ئاشتیی ناوخۆدا بکەم بە لای کەمەوە نامەوێت، بە نووسینی مێژووی هەڵبەستراو، بەشداری خۆشکردنی ئاگری ڕق و کینە بکەم.

"دەڵێن مێژوو سەرکەوتووان دەینووسنەوە، لە حاڵەتی کورددا، مانای دوژمنانیان مێژوویان نوسیوەتەوە"(٥) بەڵام کە وەکوو کوردێک مێژوونووسینەکەی کاک ئەمجەدی کورد دەبینم دەڵێم: "سەد خۆزگە بە نووسینەکەی دوژمن، چونکە بە لای کەمەوە دەزانین ئەوە کاری دوژمنە."

١ـ د. کەمال مەزهەر ، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی گەلی کورد ، بەشی یەکەم چاپی بەغدا ١٩٨٥
٢ـ محمد امین زکی ، کوردو کوردستان ، جلد ٣،٢،١ اتشارات سیدیان مهاباد
٣ـ جوناتان راندال ، امە فی شقاق ، ترجمە فادی حمود ، دار النهار بیروت ١٩٩٧
٤ـ ئەمجەد شاکەلی، پەیام، ژمارە ٢١
٥ـ ئەمجەد شاکەلی، پەیام، ژمارە ٣١
٦ـ جوناتان راندال سەرچاوەی پێشو
٧ـ بۆ هەموو کەوانەکان بڕوانە ژمارەکانی پەیام

دەکرد چەپن و پێشکەوتووخواز، بەڵام دیگۆڵیکی ئازادیخوازی دژ بە فاشیزمی هیتلەری ڕاستڕەو!؟

ئەگەر ئا لێرەدا کاک ئەمجەد ڕێگام بدات من زۆر بە خۆشییەوە لایەنی ڕاستڕەوەکە دەگرم !

برای نووسەر پاش ئەوەی لاپەڕەیەکی پڕکردووەتەوە لە زانیاری دەربارەی پەیوەندیی پارتی بە ئیسرائیلەوە لە ١٩٦٣ دا لە پاریس، بە هۆی وەفدێکەوە بە سەرکردایەتیی برایم ئەحمەد، واتا پێش دووبەرەکی. ئەوجا دەڵێت: "ڕەنگە بگوترێت کە بارزانی ئیبراهیم ئەحمەدی ناردووە و تووشی ئەو دیدارانەی کرداووە، من لەو بڕوایەدام ئەگەر ئیبراهیم ئەحمەد بۆ خۆی نەیویستبا، دەیتوانی نەڕوات و ئەو دیدارانە نەکات."(٥) چونکە نووسەر لە دید و بۆچوونێکی لایەنگرانەی دۆگماتیزمیانەوە کارەکەی کردووە هەموو پەیوەندییەکانی پارتی پاش براکوژی لە بیر کردووە. هەر بەو شێوەیەش نەک هەر پەیوەندییەکانی پارتی بە ساواک و بە شای ئێرانەوە لە بیر کردووە، بەڵکوو ساواکیش بە دوژمنی سەرسەختی بارزانی دادەنێت. بەڵام پێمان ناڵێت کێ سڵێمانی موعینی و هاوڕێکانی بۆ شای ئێران و ساواک کوشت؟

نامەوێت زۆر بڕۆمە ناو نووسینەکەی کاک ئەمجەدەوە، چونکە ئەنجامەکانی هێندە لەرزۆکن و حوکمەکانی هێندە سەرپێین کە دەستتێوەردانیان لە نووسینیان خراپتر دەبێت. خراپتر دەبێت، چونکە وەکوو خوێنەرێکی کورد، وەکوو کوردێک، ئەگەر پێم نەکرێت کارێک لە پێناوی ئاشتیی ناوخۆدا بکەم بە لای کەمەوە نامەوێت، بە نووسینی مێژووی هەڵبەستراو، بەشداری خۆشکردنی ئاگری ڕق و کینە بکەم.

"دەڵێن مێژوو سەرکەوتووان دەینووسنەوە، لە حاڵەتی کورددا، مانای دوژمنانیان مێژوویان نوسیوەتەوە"(٥) بەڵام کە وەکوو کوردێک مێژوونووسینەکەی کاک ئەمجەدی کورد دەبینم دەڵێم: "سەد خۆزگە بە نووسینەکەی دوژمن، چونکە بە لای کەمەوە دەزانین ئەوە کاری دوژمنە."

١ـ د. کەمال مەزهەر ، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی گەلی کورد ، بەشی یەکەم چاپی بەغدا ١٩٨٥
٢ـ محمد امین زکی ، کوردو کوردستان ، جلد ٣،٢،١ اتشارات سیدیان مهاباد
٣ـ جوناتان راندال ، امە فی شقاق ، ترجمە فادی حمود ، دار النهار بیروت ١٩٩٧
٤ـ ئەمجەد شاکەلی، پەیام، ژمارە ٢١
٥ـ ئەمجەد شاکەلی، پەیام، ژمارە ٣١
٦ـ جوناتان راندال سەرچاوەی پێشو
٧ـ بۆ هەموو کەوانەکان بڕوانە ژمارەکانی پەیام

ئاخۆ کوشتنی بن لادن و تواندنەوەی ئەلقاعیدە کاری تێرۆریزم ڕیشەکێش دەکات؟

ئاکۆ کەمال

چ مرۆڤێک، بە مانا مرۆڤ دەتوانێت هەستی نارەزایی و نەفرەت بەرامبەر بە ڕەشەکوژی دەرنەبڕێت؟ کێ دەتوانێت بێدەنگ بێت کە دەبینێت چەند هەزار کەسێک، بێ جیاوازی ڕەنگ، ڕەگەز، ئایین و سێکس و تەمەن، بێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێت، بکرێنە خۆراکی گڕ و لەژێر بلۆکی چیمەنتۆدا بپلیشێنرێنەوە!؟

کاتێک چەند فڕۆکەیەکی فڕێنراو، لەلایەن چەند توندڕەوێکەوە، دەکرێنە موشەک و دەدرێن بە ڕۆڵد ترەید سەنتەر لە نیویۆرکدا، مرۆڤ، لەو ساتەدا، ناتوانێت خۆی بە ئەمریکاییەکی بێتاوان، بێتاوانێکی دانیشتووی ئەمریکا یان موسافیرێکی بێتاوان و شپرزەی ناو فڕۆکەیەکی فڕێنراو، نەزانێت.

پاش ئەوەی کە سەری ڕێزمان، وەکوو مرۆڤی کورد، بۆ گیانی ئەو بێتاوانانە نەوی دەکەین بە پێویستیشی دەزانین کە بە یادی بهێنینەوە کە لە شاری هەڵەبجەدا و بە دەستی حکوومەتێکی تێرۆریست، کە ئەوکاتە ئەمریکا و ئەوروپاش پشتگیری و هاوکارییان دەکرد، لە چەند چرکەیەکدا زیاتر لە حەوت هەزار مرۆڤی بێتاوان، بە چەکی کیمیایی ڕەشەکوژ کران. بەڵام میدیا و سیاسەتمەدارانی جیهان نەک ملیاردیەکی ئەو هاوار و گازندەیەی ئەمڕۆیان بۆ نەکردن بەڵکو هەندێکیشیان ئەوکاتە پاساویان بۆ سەدام حسەین دەهێنایەوە.

بۆچی ئایا ئەم جیاوازییە زەق و بەرچاوە لەنێوانی نرخی ژیانی گەلانی هەژار و گەلانی دەوڵەمەنددا؟ لەنێوانی نرخی ژیانی ئەوروپاییەک و کەسێکی تردا؟

ئەمڕۆ ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە سەرانسەری سیاسەت و سیستەمی بیرکردنەوەی خۆیاندا بچنەوە! ئەو سیاسەت و سیستەمی بیرکردنەوەیەی کە لەسەر بنچینەیەکی کورتبینیی ئابووری و هەڵپەی خێرا پارەبەدەستهێنان، لە ڕێگای فرۆشتنی چەکەوە بە دیکتاتۆر و ڕژێمە زۆرداراەکان، بەرەو ئەم کەندەڵان و تەنگژەیەی هێناون، دەبێت کەنار بخرێت.

هەروەها پێویستە ڕاستگۆیانەتر لەگەڵ گەلاندا پەیوەندی بکەن!

جۆرج بوشی باوک، کە پەیمانی ڕێکخستنی جیهانێکی نوێی، لە کاتی شەڕی کەنداودا، بەگوێماندا هەڵدەدا و داوای لە گەلانی عیراق دەکرد کە دژی دیکتاتۆرەکەیان ڕاپەڕن، ڕێگای لە سەدام نەگرت کە شارەکانی نەجەف، کەربەلا، بەسرا بە موشەک دابێژێت و دانیشتوانی ڕەشەکوژ بکات و زیاتر لە دوو ملیۆن کورد ئاوارەی تورکیا و ئێران بکات.

ئێستاش. لە دوای یازدە ساڵ کە هێشتا سەدام حوکمی خۆی دەکات و کردویانەتە گورگەکەی هەیاسی خاس،(١) بۆ چەکفرۆشتن بە وڵاتانی کەندا، ئەنجامی ئەو سیاسەتە کورتبینەی بەرژەوەندیی ئابووریی کاتییەیە.

لە گۆڤاری "گوڵان"ەوە وەرگیراوە